# کاتی پشوو لەگەڵ داپیرە

Violet Otieno
Catherine Groenewald
Agri Afshin
kurdisk (sorani)
nivå 4

(uten bilder)

ئۆدۆنگۆ و ئاپیو لە شار لەگەڵ باوکیان دەژیان، ئەوان زۆر بە پەرۆش بوون کە پشوو دەست پێ بکات. نەك تەنیا لەبەر پشووی قوتابخانە، بەڵکو ئەوان دەیانتوانی بچن چاویان بە داپیرەیان بکەوێ. ئەو لە گوندێکی شوێنی ماسیگرتن لە نزیك دەریاچەیەك دەژیا.

ئۆدۆنگۆ و ئاپیو گڕوتینێکی زۆریان هەبوو لەبەر ئەوەی دووبارە دەیانتوانی سەردانی داپیرەیان بکەنەوە. لە شەوی ڕابردووەوە بارگەوبنەیان پێچابووەوە و ئامادە بوون بۆ سەفەرێکی دوورودرێژ بۆ گوندەکەی داپیرەیان. ئەوان خەویان لێ نەدەکەوت و هەموو شەوەکە هەر باسی سەردانەکەیان دەکرد.

ڕۆژی دواتر، بەیانی زوو هەموویان بە ئۆتۆمبیلەکەی باوکیان بەرەو گوندەکە بەڕێ کەوتن. ئەوان بە داوێنی چیاکان، بە لای ئاژەڵان و بە ناو کێڵگەکانی چاییدا دەڕۆیشتن. ئەوان ئۆتۆمبیلەکانیان دەژمارد و گۆرانییان دەگوت.

دوای ماوەیەك منداڵەکان ماندوو بوون و خەویان لێ کەوت.

کاتێ گەیشتنە گوندەکە، باوکیان ئۆدۆنگۆ و ئاپیوی لە خەو هەستاند.
ئەوان چاویان بە داپیرەیان، “نیار کانیادا”، کەوت کە لەسەر بەڕەیەك
لە ژێر درەختێك پشووی دەدا. بە زمانی لو، نیار کانیادا واتە “کچی
خەڵکی کانیادایە.” ئەو ئافرەتێکی بەهێز و جوان بوو.

نیار-کانیادا بە خێرهاتنی کردن بۆ ژووریێ و بە خۆشحاڵییەوە
دەستی کردە سەما کردن و گۆرانی گوتن. نەوەکانی زۆر تەنگاو بوون
بۆ ئەوەی دیارییەکانی کە لە شار هێنابوویان، بیدەن بە داپیرەیان.
ئۆدۆنگۆ دەیگوت "دیارییەکەی من لە پێشدا بکەوە"، ئاپیۆش
دەیگوت: "نا، دیارییەکەی من لە پێشدا بکەوە!"

دوای ئەوەی داپیرە دیارییەکانی کردەوە، بەپێی کەلتووری خۆیان سوپاسی کردن.

دواتر ئۆدۆنگۆ و ئاپیو چوونە دەرێ. ئەوان شوێن پەپوولەو باڵندەکان کەوتن.

ئەوان سەر درەختەکان کەوتن و لە ئاوی دەریاچەکەدا یاریان کرد.

کاتێ هەوا تاریك بوو بۆ خورادنی ئێوارە گەڕانەوە ماڵەوە. بەر لەوەی خواردنەکەیان تەواو بکەن، خەویان لێکەوت.

ڕۆژی دواتر باوکی گەڕایەوە بۆ شار و مناڵەکانی لای نیار کانیادا
بەجێ هێشت.

ئۆدۆنگۆ و ئاپیو یارمەتی داپیرەیان دا لە کاروبارەکانیماڵەوە. ئەوان دار و ئاویان هێنا. هەروەها لە کولانەی مریشکەکان هێلکەکانیان کۆ کردەوە و لە سەوزیخانەکەش سەوزییان بڕییەوە.

نیار کانیادا نەوەکانی فێر کرد کە چۆن ئوگالێ “نانی نەرم” دروست بکەن و لەگەڵ شۆرباو بیخۆن. هەروەها فێری کردن چۆن برنجی نارگیلی دروست بکەن و لەگەل ماسی برژاو بیخۆن.

ڕۆژێکیان ئۆدۆنگۆ مانگاکانی داپیرەی برد بۆ لەوەڕاندن. مانگاکان چوونە ناو کێڵگەی هاوسێکەیان. جوتیاری هاوسێیان لە ئۆدۆنگۆ تووڕە بوو و هەڕەشەی لێ کرد کە ئەوجار مانگاکان دەبا بۆ خۆی، چونکە ئەوان سەوزییەکانی ئەویان خواردبوو. لە دوای ئەو ڕۆژە ئۆدۆنگۆ زیاتر ئاگاداری مانگاکان بوو، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کێشە دروست نەکەن.

ڕۆژێکی دیکە مناڵەکان لەگەڵ داپیرەیان چوون بۆ بازار. ئەو لە بازاڕەکە شوێنێکی بچووکی هەبوو، کە سەوزی، شەکر و سابوونی دەفرۆشت. ئاپیو پێی خۆش بوو نرخی شتەکان بە کڕیارەکان بڵێت. ئۆدۆنگۆش شتەکانی بۆ کڕیارەکان دەپێچاوە کە کڕیبوویان.

لە کۆتایی ڕۆژەکە پێکەوە چایان خواردەوە و لە ژماردنی پارەکان یارمەتی داپیرەیان دا.

بەڵام پشوو زۆر زوو تەواو بوو و مناڵەکان ناچار بوون دووبارە بگەڕێنەوە شار. نیار کانیادا کڵاوێکی دا بە ئۆدۆنگۆ و بلوزێکیشی دا بە ئاپیو. داپیرە بۆ ڕێگا، خواردنی بۆ ئامادە کردبوون.

کاتێك باوکیان هات بە دوایاندا بیانباتەوە، ئەوان پێیان خۆش نەبوو کە داپیرەیان بەجێ بهێڵن. ئەوان داوایان لە نیار کانیادا کرد کە ئەویش لەگەڵیان بچێ بۆ شار. داپیرە پێکەنی و گوتی: “من بۆ ژیانکردن لە شار زۆر پیر بوومە، بەڵام چاوەڕێ دەبم تا ئێوە دووبارە دێنەوە بۆ ئێرە.”

ئۆدۆنگۆ و ئاپیو زۆر بە گەرمی داپیرەیان لە باوەش گرت و
ماڵئاواییان لێ کرد.

کاتێ کە ئۆدۆنگۆ و ئاپیو گەڕانەوە قوتابخانە، ژیانی گوندەکەیان بۆ هاورێکانیان باس کرد. هەندێك لە مناڵەکان هەستیان دەکرد ژیان لە شار خۆشترە، کەچی هەندێکی دیکەیان پێیان وابوو ژیانی گوند باشترە. بەڵام لە هەمووشتێ گرنگتر، هەموویان هاوڕا بوون کە ئۆدۆنگۆ و ئاپیۆ داپیرەیەکی زۆر مێهرەبانیان هەیە.

# Barnebøker for Norge

barneboker.no

## کاتی پشوو لەگەڵ داپیرە

Skrevet av: Violet Otieno
Illustret av: Catherine Groenewald
Oversatt av: Agri Afshin

Denne fortellingen kommer fra African Storybook (africanstorybook.org) og er videreformidlet av Barnebøker for Norge (barneboker.no), som tilbyr barnebøker på mange språk som snakkes i Norge.

Dette verket er lisensiert under en Creative Commons
Navngivelse 4.0 Internasjonal Lisens.